


## له درێژەی کاروچالاکیەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا،له پێناو بەرگری له پەنابەرانی کوردستانی عێراق.

دوابەدوای خۆپیشاندانی شکۆداری 2007/11/09 ی بەردەم وەزارەتی کاروباری پەنابەری سویسرا ومارشی کەموێنەی 11/17 و دوای چەندین دانیشتن و کۆبونەوە له گەڵ ڕێکخراوو لایەنە سویسریەکان و کۆکردنەوەی سەدان ئیمزای نارەزایەتی له دژی سیاسەتی تازەی دەوڵەتی سویسرا سەبارەت به پەنابەرانی کوردستانی عێراق و چاوپێکەوتن و گفتوگۆی کۆمەڵێکی زۆر له ڕۆژنامه و ڕادیۆ، فیدراسیۆن نەخشه بۆ کۆمەڵێ کاری جدی دادەڕێژێ و لەم چەند ڕۆژەی کۆمەڵێ چالاکی ئەنجام داوە ،لەوانە:

1۔ ڕۆژی 07/11/15 له شاری زوریخ کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئەحمەد عەلی سکرتێری فیدراسیۆن له سویسرا و ستێفان میخی بەرپرسی ڕێکخراوی ئاوگن ئاوف بەسرا، ڕادیۆی لۆرا که به زمانی ئەڵمانی بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە وبڵاوکراوەی فۆرڤێرت ی حزبی کاری سویسری و هەفتەنامەی پی ئێس ی حزبی سۆسیال دیموکراتی سویسری ئامادە بوون، دوای قسەوباسێکی کورت له سەر هەلومەرجی عێراق و کوردستان و پەنابەرانی کوردستانی عێراق له لایەن ئەحمەد عەلی دوە ،کۆمەڵێ پرسیار سەبارەت به وەزعی عێراق به گشتی و پەنابەرانی کوردستانی عێراق ئاراستەی ئەحمەد کراو ئەویش وڵامی پێدانەوە .

2 ۔ ڕۆژی 11/16 هەیئەتێک له فیدراسیۆن که پێکهاتبوو له دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و جەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریەت له گەڵ

بالتەسەر گلات ئەندام پەرلەمانی زوریخ  لە حزبی سەوز کۆبونەوە،لەو کۆبونەوەیەدا وەفدی فیدراسیۆن باسێکی کرد سەبارەت وەزعی سیاسی عێراق و ئەو هەلومەرجە سەختەی کە پەنابەرانی کوردستانی عێراقی ڕوبەڕوبوەتەوە لە ئەوروپا بە گشتی و سویسرا بە تایبەتی، وە داوایان کرد کە هەوڵبدا  هاوکاری و پشتیوانی پەرلەمانتاران و لایەنە سویسریەکانیان بۆ بە دەسبێنێ.بەڕێز گلات بەڵێنی دا کە نامەی دەشتی جەمال بگەیەنێتە پەرلەمانی سویسرا و هەوڵی ڕیکخستنی دیدار لە گەڵ ئەو حزبانەدا ریکبخا کە لە پەرلەماندان وکۆبونەوەیەکیش لە گەڵ وەزیری هیجرەی سویسری ڕێکبخات لە ئایندەدا.

3. ڕۆژی 11/18 سکرتاریەتی فیدراسیۆن کۆبونەوەیەکی لە گەڵ دەشتی جەمال بەست کە تیایدا نوێنەری بەشێک لە شارەکان و کۆمەڵێک لە هەڵسوڕاوان بەشداربوون. سەرەتا ئەحمەد عەلی ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی ئەم دەورەیەی پێشکەشکرد و لایەنە سلبی وئیجابیەکانی دەسنیشانکرد، دواتریش ئامادەبوان پرسیار وسەرنجو تێبینیەکنیان خستە ڕوو وڵامیان لە لایەن جەمال کۆشش و ئەحمەدەوە پێداریەوە. بەشێ دوەمی کۆبونەوەکە باسێکی دەشتی جەمال بوو سەبارەت بە هەلوومەجی ئێستای عێراق و کوردستان و کەمپینی فیدراسیۆن و ئیقداماتەکانی بۆ بەرگری لە مافی پەنابەران ،وە تەئکیدی کردەوە لە سەرنەخشەو کارەکانی ئایندەی فیدراسیۆن لە سویسرا و پێویستی ڕێکخستنی پەنابەران و إشار دانان لە ڕێگەی میدیای سویسریەوە و هاوئاهەنگی کردنی پەنابەران و بزوتنەوەی پەنابەری و دەستڕاگەیشتن بە کەمپەکانی پەنابەران و کۆمەک کردنیان و کردنەوەی بنکە و....هتد، دواتریش لە لایەن ئامادە بوانەوە کۆمەڵێک پرسیار کراو دەشتی جەمال و جەمال کۆشش وڵامیان دایەوە. دوابەشی کۆبونەوەکە  نەخشە کاری داهاتوو بو کە ئەحمەد و جەمال کۆشش پرۆژەکانیان خستە بەردەم سکرتاریەت و بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان لە سەر درا.

## دەورەی داهاتوو دەورەیەکی هەستیارە و فیدراسیۆن خۆی بۆ کاری گرنگ ئامادە و سازداوە.

فیدراسۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراق/سویسرا
2007/11/19

بۆ پەیوەندی گرتن بە فیدراسیۆنەوە : ئەحمەد عەلی0788532004



